ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باس وهەواڵێکی خۆشی پێ بگەیشتایە یان سەبارەتیان موژدەی پێبدرایە؛ سوجدەی دەبرد بۆئەوەی سوپاسی خوای گەورە بکات

لە ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باس وهەواڵێکی خۆشی پێ بگەیشتایە یان سەبارەتیان موژدەی پێبدرایە؛ سوجدەی دەبرد بۆئەوەی سوپاسی خوای گەورە بکات».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرکاتێک باس وهەواڵێکی خۆش وباشی پێ بگەیشتایە یان سەبارەتیان موژدەی پێبدرایە؛ سوجدەی دەبرد بۆئەوەی سوپاسی خوای گەورە بکات. سوجدەی سوپاسگوزاری -سجود الشكر- لە کاتی هەواڵدان بە نیعمەتێک، بەڵام ئەو نیعمەتانەی کە بەردەوامن وەکو نیعمەتی ئیسلام ولەش ساغی ودەوڵەمەندی وبەو شێوەیە لەمانەدا دروست نییە سوجدەی سوپاسگوزاری ببرێت؛ چونکە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەردەوامن وناپچڕێن، ئەگەر ڕێگەپێدراو بووایە بەهۆی ئەمانەوە سوجدەی سوپاسگوزاری ببات ئەوا دەبووە هەموو تەمەنی لە سوجدە بردن بووایە، بەڵکو سوپاسگوزاری بەرامبەر ئەم نیعمەتانە وئەوانی تر بەوە دەبێت کە بەندە خوای گەورە بپەرستێت وملکەچ وگوێڕاڵی فەرمانەکانی بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11244